# دژ به گەڕاندنەوەی پەنابەران لە سوێد

*دارا ئەحمەد*

ئێمە وەک ئەم کۆمەڵانەی خوارەوە پشتگیریی تەواوی خۆمان لەو هەوڵ وکۆششانەی (فیدراسیۆنی سەرتاسەریی پەنابەرانی عێراقیی)دەکەین کەوا وەک نوێنەری راستەقینەی پەنابەرانی کورد و عێراقیی لە تەواوی ئەوروپا سیاسەتی دژ بە مافەکانی پەنابەران ریسواو شەرمەزار دەکا و بە شێوەیەکی کردەیی قورسایی خۆی خستۆتە سەریان لە پێناو هەرچی زیاتری بەدەستهێنانی مافەکانی پەنابەران ، وەک ئێستاش کە دەیبینین زۆر بە توندیی بەرامبەر ناردنەوەی بەشێکیکوردە پەنابەرەکانی سوێد وەستاوەتەوە بە هەڵمەتی واژۆ کۆکردنەوە و خۆپیشاندان و شێوازەکانی تر سیاسەتی دژە پەنابەریی حکومەتی نوێی سوێدی ریسوا دەکا .. ئێمە جگە لەوەی دەستخۆشییان لێدەکەین و خۆمان بە هاوکاریان دەزانین هیواداریین تێکڕای پەنابەران زیاتر لە دەوریان کۆببنەوە و هەر کەس و لایەک بەپێی توانا کۆمەکیان بکەن بۆ ئەوەی رێ بە سیاسەتی پەنابەریی ئێستای ئەو وولاتانە بگرین – کە بە شێوەیەکی گشتیی هی زۆربەی زۆریان لە سایەی سیستەمی ئێستای جیهان پەشیمانبوونەوەیە لە مافەکانی پەنابەران – و پەنابەرانیش هەرچی زووترە مافەکانی خۆیان بەتەواویی بەدەستبهێنن.

1– فیدراسیۆنی پەنابەرانی کورد– کێرکلیس
2– کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی – کێرکلیس
3– کۆمەڵەی دۆستێنیی کوردی رۆژئاوا و بەریتانیا
4– کۆمەڵەی ژنانی کورد – کێرکلیس
5– کۆمەڵەی کوردی رۆژهەلات – کێرکلیس

بەریتانیا – هودرسفێڵد
2007/5/4